# پێشێلکاریەکان لەکوردستان

## پەرلەمان و حکومەتی یەکێتی و پارتی و حیزبەکانیان
## نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان ناکەن!

**نوری بەشیر**
n.bashir3@ukonline.co.uk





**چەند رۆژی رابردوو کوردستان بوەتە ناوەندی نارەزایەتی لەخۆپیشاندان و مانگرتن بەدژی دەسەلاتداریتی یەکیتی و پارتی و حکومەتەکەیان، کەناتوانن سادەترین پیداویستیەکانی خەلك لەئاوو کارەباو سوتەمەنی بۆخەلك دابین بکەن، ئەگەرچی یەکیتی و پارتی بەهەموو شیوەیەکی سەرکوت و فریودانی دژی خەلك، کەوتونەتە ریگە گرتن و سەرکوتی خۆپیشاندانەکان و چاوترساندن بەدەستگیرکردنی خەلکیکی زۆر لەخۆپیشاندەران و تەقەکردن و راونان و بریندارکردن و هیشتنەوەیان لەزیندان و ترساندنیان بەدادگایکردنیان، لەلایەکی ترەوە دانیشتنی بەردەوامی سەرانی حزب و حکومەت و وەزارەتەکانیان بەخودی مسعود بەرزانی و جلال تالەبانیەوەو دانی وەعدەو بەلیێنی جۆراو جۆرو هەروەها قسەی ترساندن بەوەی ئەو خۆپیشاندانانە ئیجازەی رەسمیان نیە، خۆپیشاندەران ئاژەوەچین و دەستیان لەپشتەوەیە، هەمووی بەمەبەستی ئەوەی کەپاشەکشە بەداواکاریەکانی خەلك بکەن و وەك 15 سالی رابردو سەروەت وسامانی کۆمەلگا بەئارەزوی خۆیان بەتالان بەرن...**

**بەلام خەلکی شارو شارۆچکەکانی کوردستان نەچاوترساندنی یەکیتی و پارتی و حکومەتەکەیان و نەوەعدەو بەلینی فریودەرانە نەیخەلەتاندن و لەسەر خۆپیشاندانەکانیان سوربون بۆ داواکاریەکانیان، لەبەر ئەوەی خەلکی هیچ خۆشباوەریەکیان بەیەکیتی و پارتی و دەسەلاتەکەیان نەماوەو تا دیت کەلینی نیوان جەماوەری کوردستان و حکومەتەکەی یەکیتی و پارتی روو لەزیاد بوندایەو خەلکی نە ئەو حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی و نە پەلەمان و حکومەتیان بەهی خۆیان نازانن.**

تەنیا بەخستنەروی کورتەیەك لە پیشیلکاریەکان لەنەبونی مافی خۆپیشاندانی خەلکی کوردستان و بەترساندن و تەقەلیکردن وەلامدانەوەیان، هیچ شکو گومانیك لەدەسەلاتداریتی سەرکوتگەرانەو تەوافقی هەردولای یەکیتی و پارتی لەسەرکوتی خەلکدا، ناهیلیتەوە، وە شیوەیەکی رونوئاشکرا بۆ رای گشتی بەیان دەکات، بەتاییەت دواین خۆپیشاندانی ئەمرۆی سلیمانی هیچ پەردەیەکی لەسەرکوت و راونان و گرتن و زیندانی کردن و جاسوسی بەسەر سەری خەلکی کوردستانەوە نەهیشتۆتەوە، بەتاییەت خۆپیشاندانەکانی چەمچەمال، کفری، کەلار، دەربەندیخان، زەرایەن، شۆرش، سیدەکان، دهۆك، هەولیرو سلیمانی:

- خۆپیشاندانی شاری سلیمانی 2006/8/13

ئەمرۆ لەگەل ئەوەدا کەلەچەند رۆژ لەمەو بەرەوە ئاسایش و پۆلیسی یەکیتی نیشتمانی کەوتۆتە گرتن و راونان و زیندانیکردن بەدژی بزوتنەوی خەلکی بۆ خۆپیشاندان بۆ داواکاریەکانیان و گرتنی ئەندامانی ریکخراوی کۆمەلگای مەدنی و هەروەها ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و بەدەرەجەیەکی زۆر چاوترساندنی خەلك بەگشتی و کە بەیانی ئەمرۆ سەعات 6ی بەیانی چونەتە سەر مالی ژمارەیەکی زۆر دەستنیشانیان کردوەو ترسیان لیان هەبوە بەشداری خۆپیشاندان بکەن دەستگیرکراون و ژمارەیەکی کە هەلهاتون، بەلام خۆپیشاندان لەلایەن هەزاران کەس لەخەلکی شاری سلیمانیەوە ئەنجامدراوە، بەشیك لەدەستگیرکراوەکانی ئەمرۆ و چەند رۆژی پیشوتر بەم شیوەیە:

1- وەستا حسین
2- زمناکۆ عەزیز
3- هونەر عەلی
4- بەلین ئیسماعیل
5- سەعید مستەفا
6- ئەکرەم چاوشین
7- شاخەوان ناصح
8- هەریز محمد
9- بەهرە محمد
10- شۆخان-کە پیشتر هاوسەرەکەی ئەکرەم چاوشین دەستگیرکراوە
11- ئەبو بەکر مەجید - رفینراوە
12- رزگار عزیز ناسراو بە پۆلا - رفینراوە
13- نەوزاد بابان
14- علی مەولود
15- کاژاو جمال
16- هەروەها
17- ئەمە جگە لە دەستگیر کردنی چوار رۆژنامەنووس بۆماوەی کاتژمیر و نیویك لەناو ئوتیلی سلیمانی پالاس و دواتر ئازاد کردنیان بەناوەکانی (ریبوار ئازادی/ پەیامنیری هەفتەنامەی جەماوەر، ئاسۆ عوسمان/ پەیامنیری مالپەری کوردستان نیت، شازین هیر/ سەرنوسەری رۆژنامەی مادینا، ستیڤان شەمزینانی/ سەرنوسەری رۆژنامەی نیوەند

بەلام تا ئێستا ئومید تۆفیق بەڕیوەبەری بەڕیوەبەری نووسین لە ڕۆژنامەی نێوەند دەستگیر کراوە . ( بۆپیشەوە، کوستان نیوز، هاولاتی )

-18 خۆپیشاندانی شاری کەرکوك 8/12

خۆپیشاندانیکی فراوان لەشاری کەرکوك بەڕیخرا، وە خۆپیشاندەران داواکاریەکانیان بەرزکردبۆوە وە لەگەل پاریزگاری کەرکوك دانیشتینان ئە نجامدا. بۆپیشەوە

-19 خۆپیشاندنی دهۆك 12-8

لەناوەندی شاری دهۆك خۆپیشاندەران بەبەرزکردنەوەی خواست و داواکاری ئاوو کارەباو سوتەمەنی توانیان خۆپیشاندان بکەن.

- خۆپیشاندانی دەربەندیخان 8/7:

لەخۆپیشاندانی دەربەندیخان بەسەدان کەس بەشداریانکرد، ئاسایشی دەربەندیخان و پۆلیس دەکەونە لیدانی خۆپیشاندەران و تەقەکردن لیان کە 10 کەس بریندار دەبیت و یەکیکان بەسەختی بریندار دەبیت و دەگەیەنریتە نەخۆشخانەی سلیمانی، هەروەها 50 منداڵی تەمەن بچوکتر لە 12 سالیان ئەشکەنجە داوە لەسەر ئەوەی بەشداری خۆپیشاندانیان کردوە، بەدوای خۆپیشاندانەکەدا کۆمەلیك گەنج گرووپیك بەناوی هەڵویست دروستدەکەن بۆ بەشویندا چونی ئامار لەسەر گیراوو ئەشکەنجەدراوەکان . ( گەنجان، بەیانی ریکخراوی کوردستانی حککع 8/7 )

- خۆپیشاندانی کەلار 8/6 :

زیاتر لە هەزار کەسی دانیشتوی شارۆچکەی کەلار خۆپیشاندان دەکەن، کەسیك بەناوی ئاری محمود تەمەن 19 سال پاش یەك سەعات لەبریندار بونی دەمریت و 19ی تریش بریندار دەبیت و ژمارەیەکی زۆریش دەستگیر دەکریت.

بە پیی بەیانی کۆمەلەی بەمەدەنی کردن ئەم ناوانە گیراون و زیاتر لە 15 لەدۆست و لایەنگری کۆمەلەکە بەرنەدراون، هەندی لەناوی دەستگیرکراوەکان لە :

کەلار: بەرزان فەرەج، ئاسود برایم، سەلاح، ریباز

باوەنور: شۆرش، نەریمان، جوتیار

( بۆپیشەوە، هاولاتی )

- خۆپیشاندانی کفری 5-8/6:

دوای ئەوەی کە ڕۆژی 8/5 دانیشتوانی شارۆچکەی کفری خۆپیشاندان دەکەن و لەلایەن بارەگای یەکیتی نیشمانیەوە تەقەیان لیدەکریت و لەلایەن کەنالە ناوخۆییەکان و هیزی ئاسایشەوە وینەیان دەکیریت و ناونوس دەکرین، 18 کەسیان لی دیاری دەکریت دەستگیردەکرین و بەدوایدا ڕۆژی 8/6 بۆ ئازادکردنی دەستگیرکراوەکان خۆپیشاندان دەکریت. وە بە پیی هەوالەکان باری تەندروستی زیندانیەکان کە هەر 18 یان لەزیندانیکی 3بە3 دا بون خراپە. هەروەها 8/7 لەکفری 17 کەس لەدەستگیرکراوەکان دادگایی کراون یەکیکیان بەهۆی ئەوەی منال بوە مەحکەمە شمولی نەکردوە، وە ناوی 5 لەزیندانیەکان ئەمانەن: 1- سەنگەر کەریم ئەحمەد 2- هیمن عەدنان 3- سەیوان سەعید 4- هیوا نەجم 5- هەورراز جەلالز ( پەیامنیر، بۆپیشەوە، هاولاتی )

- خۆپیشاندانی چەمچەمال 8/6

بەهەزاران کەس بەشداری ئەم خۆپیشاندانە دەکەن، بەلام بەرتەقەدەدرین و 3 کەس بریندار دەبیت و 45 کەسیش دەستگیر دەکرین و دەستگیرکراوەکان دەگویزرینەوە بۆ زیندانی کانی گۆمەی نزیك سلیمانی.



رۆژی 8/7 نزیك هەزار کەس لە دانیشتوانی ناوچەکانی پیریادییەکن و قادر کەرەمییەکان و سەنگاوییەکن و موفەرییەکانی شۆرش بەرەو چەمچەمال دەچن بۆ داواکاریەکانی ئاوو کارەبا و سوتەمەنی و بەربونی گیراوەکانی رۆژی پیشووتر. لەلایەن ئاسایشەوە تەقەیان لیدەکریت و لیان دەدریت و 2 کەس بریندار دەبیت و چەندرین کەسیش دەستگیر دەکریت.

- خۆپیشاندانی سیدەکانی ناحیەی سۆران 8/7

ریپیوانیکی جەماوەری لەسیدەکان کراو داواکاری خۆیان بەرزکردبۆوەو هاوکات داوای لابردنی بەریوەبەری ناحیەکرابوو لاببریت و راشیان گەیاندبوو ئەگەر لانەبریت ئەوا سبەینی 8/8 خۆپیشاندان سازدەکەن. کوردستانی نوی

- خۆپیشاندانی سلیمانی 8-8



رۆژی 8/8 لەخۆپیشاندانیکی کۆمەلیك گەنجی شاری سلیمانیدا بەمەستی نارەزایەتی دەربرین لەبەرامبەر نەبونی ئاوو کارەبا و سوتەمەنی، لەلایەن ئاسایش و پۆلیسی یەکیتی نیشتمانیەوە گرتنی 13 گەنج و برینداربونی گەنجیك بەناوی چۆمان کەریمی لیکەوتەوە، بەلام ناوبردنیان بەئاژاوەگیر لەلایەن سەرکەوت حسن بەربوەبەری ئاسایشی سلیمانیەوە. ( کوردستان نیوز و بۆپیشەوە )

هەروەها نارەزایەتیەکانی کوردستان جەماوەری و سەرتاسەریە و هاوکات خەلکی هەلەبجەو ناحیەی سەید صادقیش بەدوو بەیاننامە ئاراستەی پەرلەمان وسەرۆکی حکومەتی هەریمیان کردوە و ئەگەر وەلامی داواکانیان نەدەنەوە ئەوا شیوازی تر دەگرنە بەرو هەرەوەها مامۆستایانی قەزای چۆمانیش بۆ داواکاریەکانیان هەرەشەی مانگرتن دەکەن. ئەوە بەجیا لەوەی کە لە 7/27 دا کریکارانی کارگەی تاسلوجەی سلیمانی نارەزایەتیەکەیان کەداواکاری بوو خەلتانی خوین کرا.
هەروەها سەرجەم ئەندامانی بەمەدەنی کردنی گەرمیان دەستگیر دەکریت لەلایەن ئاسایشی یەکیتی نیشتمانیەوە. سایتی گەنجان

2006-8-13